## مانیفێستی ئازادیی کوردستان
## بەرنووسی بەرنامەی "پارتی ئازادیی کوردستان"

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد!
ئۆگرانی ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان!
ڕووناکبیران، نووسەران، چالاکانی سیاسیی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات!

پاش ئەوەی ڕێبەرایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، بڕیاریدا، کۆنگرەی یەکەمی خۆی ئاشکرا و ئازاد بەڕێوە بەرێ و دەرگای کۆنگرەی بۆ بەشداریی هەر هۆگرێکی ئازادیی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆڕ و کۆمەڵە فەرهەنگییەکانی کوردستان، ئاواڵە ڕاگەیاند، دیسان لە بڕیارێکی ڕچەشکێنانەی دیکەدا، دەقی **بەرنووسی "بەرنامە" و ناوی پێشنیار کراوی کۆمیتەی ناوەندی بۆ بە حیزب بوونی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**، دەخاتە بەر چاوتان، بۆ ئەوەی کەسانێ کە خوازیاری بەشداریی لە گەڵاڵەکردنی پرۆژە نەتەوەییەکانن و ناتوانن لە نزیکەوە بەشداریی لە باسەکانی پێوەندیدار بەم "بەرنامە"یە بکەن، لە ڕێگاکانی دیکەوە، بۆچوون و پێشنیار و تێبینی و ڕەخنەکانی خۆیان بەم ئیمایلە بۆ کۆنگرە بنێرن:kongrey1@yahoo.com

بڕیارێکی ئەوتۆ سەرچاوە لەو ڕوانگەیەوە دەگرێ کە پرسی ئازادیی کوردستان پێوەنددار بە هەموو تاکێکی کوردەوە دەبینێ و مافی ئەوەی بۆ قایلە کە لەگەڵاڵەکردنی بەرنامەی حیزبێکی نەتەوەیی دا بەشداریی بکا.

لایەنگرانی ڕێبازی سەربەخۆیی کوردستان!
ئەم بەرنامەیە و ئەم حیزبە، بە هی خۆتان بزانن؛ بەهێزی بکەن و لە دەوری کۆبنەوە!

کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی یەکەمی
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
2006/10/9

***************

## مانیفێستی ئازادیی کوردستان
## بەرنووسی بەرنامەی "پارتی ئازادیی کوردستان"

پێناسە و پێشەکی:

کوردستان نیشتمانی کوردە و پێنجسەد هەزار کیلومێتری چوارگۆشەیە. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکی زاییینیدا، حەشیمەتی گەیشتووەتە چل ملیۆن کەس و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە باری ڕێژەی حەشیمەتەوە پاش عەرەب دووهەم نەتەوەیە.

کوردستان بە پێی سیاسەتی دەوڵەتە مەزنەکانی جیهان، بێڕەزامەندی نەتەوەی کورد لە نێوان 4 وڵاتی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا دابەش و داگیرکراوە. جاری یەکەم پاش شەڕی "چاڵدێران" لە نێوان دوو ئیمپراتۆری سەفەویی و عوسمانیدا بە کردەوە دابەشکراو لە ساڵی 1639 ئەو دابەشکردنە بە پێی ڕێکەوتنی زەهاو بوو بە فەرمی و نەتەوەی کورد نیری کۆیلەتی ئەو دوو دەوڵەتەی خرایە مل. جاری دووهەم پاش بڕانەوەی شەڕی جیهانی یەکەم لە 1923دا بە پێی ڕێککەوتننامەی "لۆزان"، دابەشکرایەوە، پارچەی ژێردەستی ئێران وەک خۆی مایەوە و پارچەی بندەستی عوسمانی بە سەر دەوڵەتەکانی تورکیا، و عێراق و سوریادا، دابەشکرا.

سەرەڕای ئەوەی کوردستان لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا دابەشکرا، هیچکامیان دانیان بە بوونی خاکێک بە ناوی کوردستان دانەنا و بەمجۆرە کوردستانی دابەش و داگیرکراو تەنانەت حیسابی ولاتێکی کۆلۆنی کراوی ئاسایی بۆ نەکرا. دەوڵەتی تورکیا حاشای نەک هەر لە "کوردستان" بەڵکوو لە "کوردیش" کرد و بە تورکی کێویی ناو دێری کرد، ئێرانییەکان کوردیان بە یەک لە" ئەقوامی ئێران" و "لقێک" لە فارس دانا، دەوڵەتی عەرەبی سوریا نەک

هەر دانی بە بوونی کورد و کوردستان دا نەنا، بەڵکوو مافی ناسنامەی دەوڵەتی سوریاشی نەدانێ. لە عێراقدا، لە کاتی دروستبوونی ئەو دەوڵەتەدا، حکومەتی ناوەندی دانی بە بوونی کورددا نا. هەروەها لە دەستووری کاتی 1970دا، "گەلی عێراق" پێکهاتوو لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد، پێناسە کراوە، بەڵام هاوکات عێراق بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دانراوە. هەر بۆیە عێراقییەکان، کوردستان بە "باکووری عێراق" ناو دەبەن. لە یەک وشەدا کوردستان و کورد بە فەرمی بە نەبوو دانران و لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان سرانەوە!

کورد نەتەوەیەکی کەونارایە و لە پێکهێنانی ژیاری و داهێنانی ئەندێشەی مرۆڤایەتی بە کۆمەڵگای بەشەری، سەربەخۆ و لەگەڵ گەلانی دیکە بەشداریی کردووە.

کورد خاوەنی زمان، کەلتوور، فەرهەنگ، هونەر و داب و نەریتی سەربەخۆیە. نیشتمانی کورد جوغرافیایەکی یەکگرتووی دانەبڕاو بەیەکەوەیە و ئابوورەییەکەی لە هەموو پارچەکاندا یەکسان بە گەشەنەکردوویی ماوەتەوە.

داگیرکەرانی کوردستان بۆ بە کۆلۆنیی هێشتنەوەی هەتاهەتایی کوردستان، کانگاکانی کوردستانیان تاڵان کردووە، داهات و وزە و هێزی کوردیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە و نەتەوەی کوردیان لە هەر چەشنە دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابووری بێبەش کردووە. لەو هەلومەرجەدا یەکێتی نەتەوەیی کورد کەوتووەتە مەترسییەوە؛ بە چەشنێک کە سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی ئەم نەتەوەیە لە لایان داگیرکەرانی کوردستانەوە لە هێندێ هەرێمی کوردستادا سەرکەوتوو بووە.

بەشێکی بەرچاو لە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە پێی سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە کوردستان دوور خراونەتەوە و لە شوێنگەلی دوور لە کوردستان، یان لە میترۆپۆلەکان نیشتەجێ کراون. بۆ نموونە بەشێک لەو کوردانە لە سەردەمی پاشاکانی تورک بەتایبەتی شاسمایل و شاهەباس سەفەوی ، بۆ رۆژهەڵاتی ئێران و بۆ پارێزگەی خوراسان راگوێزراون. بەشیکی دیکەش بۆ باکووری ئێران دوور خراونەتەوە. لە تورکیا ئەو سیاسەتە توندتر بەرێوە چووە.

سیاسەتی کۆمەڵکوژیی و بێسەر و شوێنکردنی کورد، بە دەست دەولەتەکانی تورک و روس و ئێران و عەرەب لە پاش سەری چاڵدێرانەوە، بە ملیۆنان کوردی لە نێوبردووە: لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا 3 سەدە دواتریش هەموو شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان لە سەر خاکی کوردستان رویانداوە، هێرش بۆ سەر قەڵای دمدم، کوشتارەکەی ناسراو بە موکری قڕان و قەڵاچۆی عێلی مەنگوڕ، کوشتارەکانی سەردەمی قەجەرەکان، کوشتاری کوردان لە جەرگەی شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایان هێزەکانی رووس و عوسمانییەوە و کوشتارەکەی 1915 و 1916، راگوێزانی ئەو 700 هەزار کوردەی بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی لەو ساڵانەدا، نیوەیان لە سەرمان و لە برسان قڕیان هات، قات و قڕییەکەی شەڕی یەکەم کە بە هەزاران کوردی لە نێو برد، هێرشەکانی سوپای تورکیای ئەتاتورک و ئێرانی رەزاخان بۆ سەر کوردستان و لە سەردەمی نوێدا زیان و خەسارەتە مرۆڤییەکانی پیلانی ئەلجەزایر و شەڕی ئێران- عێراق و کوژرانی هەزران کورد لە پەلامارەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، گرتن و کوشتنی هەزاران کورد لە رۆژاوای کوردستان بە دەستی رێژیمی سوریا، کوشتاری کوردان لە باکووری کوردستان لە چارەگە سەدەی رابردوودا و 182000 ئەنفالکراوی گەرمیان و 8200 بارزانی و 5000 فەیلی و کیمیابارانی حەڵەبجە و سەردەشت و ناوچەکانی دیکە بە دەستی رێژیمی بەعسی عێراق، ئەو کارەساتانەیە کە بە سەر هیچ نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە بەم تەرزە نەهاتووەکە ئەوەش ئاکامی کۆلۆنی بوون و سیاسەتی تووناکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و سرینەوەی خاکەکەی لە سەر نەخشەی جیهان بووە . سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دژ بە نەتەوەی کورد هەر چەند بە رواڵەت و شکڵ و شێواز جیاوازە بەڵام لە ناوەرۆک و ئامانج دا هەموو لە خزمەت ئەم ستراتیژییەدا بووە.

هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕ و ململانێییەی کوردستان تووشی بووە و هۆکاری دابەشکران و داگیرکرانی، هەڵکەوتە ستراتیژییەکەی کوردستان بوە کە وەک هەرێمکی وشکایی هەموو دەروازە دەریاییەکانی بە یەکتر بەستوەتەوە و لە کۆنەوە رێگای بەیەکگەیاندنی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بووە. دۆزینەوەی پەترۆلیش بایەخی هەڵکەوتە ستراتیژییەکەی زیاتر کردوە و هاوکات شوێنە ستراتیژیەکەش بایەخی تایبەتی بە پەترۆڵەکەی داوە.

کورد بۆ رزگاری لە کۆلۆنیالیزم و سیاسەتی سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی زیاتر لە هەموو گەلانی رۆژهەلاتی نێوەراست بۆ ئازادی خەباتی کردووە و قوربانی داوە . راپەرینەکانی میر بەدرخان، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری و شێخ عەبدولسەلام بارزانی؛ حوکمرانی شێخ مەحمود، شورش و دەسەلاتداریتی 20 ساڵەی سمایل ئاغای سمکۆ، راپەرینی شێخ سەعیدی پیران، شۆرشی ئاگری و شۆرشی دەرسیم و شۆرشەکانی بارزان و جمهوری کوردستان و شۆرشی ئەیلوول ئەو زنجیرە شۆرش و راپەرین و دەسەلاتدارییە بوون کە بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان و مافەکانی نەتەوەی کورد بەرپاکران.

گەلێ هۆکاری ورد و درشت لە پشت سەرنەکەوتنی کورد لە رێی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا بووە کە دەکرێ ئەم چەن خاڵەبە 3 هۆکاری سەرەکیی دابنرێ:

- سروشتی وڵات و بایەخی ستراتیژیی کوردستان: بە هۆی سروشتی کوردستان کورد لە نێوخۆی دا نەیتوانیوە پاڵوێکدا و بە هۆی شاخ و رووبارەکانەوە لە چەندین هەرێمی لێک دوور نیشتەجێ بووە. هەروەها بە هۆی بایەخی ستراتیژیی بۆ زلهێزەکان، بەتایبەت بریتانیا، نەک هەر یارمەتیی نەدراوە ببێتە دەولەت، خەبات و تێکۆشانی بۆ بە دەوڵەت بوون پەکخراوە.

- سیستەمی سیاسی جیهان و نەبوونی دۆستی ستراتیژیی: ئەو سیستەمە سیاسییەی کە بە سەر جیهان و بە سەر پێوەندی نێوان دەولەتە زلهێز و بریار بە دەستەکاندا زاڵ بووە، دژ بە ئازادیی کورد و بەدەوڵەتبوونی کەوتووەتەوە؛ کورد دۆستی ستراتیژیی نەبووە و تەنانەت دەوڵەتە ناکۆکەکان، لە سەرکوت و دامرکاندنەوەی راپەرینەکانیدا کۆک بوون و ئەگەر جار و بار یەکیان لایەکی لە شۆرشی کورد کردبێتەوە تەنیا هەڵوێستێکی تاکتیکی بووە.

- تێپەرینی هێندێک دەرفەتی رەخساو: لەگەڵ ئەوەدا کە دوو فاکتەری پێشتر بە دژی رزگاریی نەتەوەیی کورد، ئامادە بوونیان هەبووە، بەو حالەشەوە هێندێک دەرفەت کە رەخساون نەقۆزراونەتەوە. ناشارەزایی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، ناکۆکیی و کێشەی نێوخۆیی کورد و نائامادەیی لە مەیدانی ململانێی سیاسیدا، هۆکاری ئەوە بوون. پاش شەری یەکەمی جیهانی دەرفەتێک هەلکەوت کورد ببیتە دەوڵەت، بەڵام ئەو دەرفەتە بەو هۆیانەوە لە کیسچوو.

دابەشکرانی کوردستان لە جاری یەکەمدا، زەبری قورسی لە یەکێتی نەتەوەیی کورددا و دۆخێکی نالەبار و ئاڵۆزی تووش کرد. بەڵام شەری جیهانی یەکەم بێجگە لە نەهامەتییە زۆر و زەوەندەکانی، ئاکامە سیاسییەکانی کە بریتی بوون لە پارچە پارچەکردنی کوردستان و پێکهێنانی ژمارەیەک دەوڵەتی تازە کە هەرکام یەکێ لە پارچەکانی کوردستانی پێوەلکێنرا و بە هەمووان گەمارۆی کوردستانی دابەشکراو داگیرکراویاندا، باری سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی کوردیان چەند قات خراپترکرد. ئیتر لەوە بەولاوە، 4 دەوڵەتی داگیرکەر یەکگرتووانە، کوردستانی دابەشکراویان چاودێری دەکرد و هەر جموجۆڵێ لە هەر پارچەیەک سەری هەڵدابا بە هەمووان گەلەکۆمەکیان لێدەکرد. لە لایەکی دیکەشەوە، ناسیۆنالیزمی کورد لە ژێر کاریگەریی ئەو دۆخە داسەپاوەدا، بە سەر 4 کەرتدا، دابەش بوو. ئێتر بە پێچەوانەی رابردووەوە کە شۆرشەکانی کورد سنووری عوسمانی و ئێرانیان دەبەزاند، بزووتنەوەی کورد لە هەر پارچەیەک مەحکووم بوو بەوەی لە سنووری ئەو پارچەیەدا ببزوێ؛ هەر پارچەیەک حیزبی تایبەت بە خۆی لێ دامەزرا، دروشمی تایبەتی خۆی هەڵگرت و تاکتیک و ستراتیژی خۆی دیاریی کرد. لە ساڵەکانی 1932 تا 1939 گەلەکۆمەکی داگیرکەران قۆناخێکی پر مەترسیی بۆ کورد خولقاند. پەیمانی سەعداباد لووتکەی ئەو مەترسییانە بوو.

لە شەری دووهەمی جهیانیدا دەرفەتێک بۆ کورد هەڵکەوت کە بتوانێ لە بەشێک لە رۆژهەلاتی کوردستان، " جمهوری کوردستان" دابمەزرێنێ. هەروەها لە دەیەی حەفتای سەدەی بیستەمدا شۆرشی ئەیلوول توانی هێندێک دەسکەوت لە باشووری کوردستان بەدەس بێنێ. هەر دوو دەسکەت بوونە قوربانیی سات و سەودای جیهانی دووجەمسەریی و هەرەسیان هێنا.

سەردەمی "شەری سارد"یش بۆ نەتەوەی کورد، هەر درێژەی تەرتیباتە سیاسییەکای کەی پاش شەری یەکەمی جیهانی بوو. دۆستی ستراتیژیی نەبوو و بە بندەستی و کۆیلەیی مایەوە.

هاوکات لەگەڵ شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنەوەی کوردستان، ڕێژیمی تزاری روسییە رووخاو و یەکێتی سۆڤیەت دامەزرا. دراوسێتی کوردستان و یەکێتی سۆڤیەت کوردستانی خستە بەر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییە. بە لە دایکبوونی سۆڤیەت، ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم – لنینیزم لە کوردستان پەرەی ئەستاند و بۆ دەیان ساڵ بووە ئایدیۆلۆژییەکی کاریگەر و شوێندانەر لە سەر بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرەکانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

یەکێتی سۆڤیەت نەک هەر نەبووە پاڵپشتی کورد و بزوتنەوەی رزگاریخوازییەکەی، بەڵکوو یەکەم دەوڵەت بوو، کەماڵیستەکانی بەڕەسمی ناسی و بووە پاڵپشتی هەردوو رێژیمەکەی مستەفاکەماڵ و رەزاخان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە بزووتنەوەی کۆنە پەرەستانە و خێڵەکی دانا، ئەگەر جاروباریش سووکە لایەکی لە کورد کردبێتەوە، تاکتیکی بووە. لە دەقەکانی خودی مارکسیزم – لنینیزمیشدا هیچ جێگایەکی تایبەت وسەربەخۆ بۆ پرسی نەتەوە و نەتەوایەتی تەرخان نەکراوە و لە باشترین حاڵەتدا دۆزی نەتەوەیی نەتەوەبندەستەکان،کراوەتە پاشکۆی خەباتی چینی کرێکار و لە رەوژەنی خەباتی چینایەتی و سوسیالیزمەوە دەڕوانێتە پرسی نەتەوەیی. پراکتیکی زۆربەی حیزب و رێکخراوە مارکسی لێنینیەکانیش لە کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردیان پێوەلکێنراوە بەشێوەی گشتی کورد و بزووتنەوەکەی تووشی زیان و گیر و کێشەی زۆر کرد، تا جێگایەک کە یەکێ لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی ودژایەتیکردنی بیری نەتەوایەتی کوردی و تەنانەت هێندێکجار پشتیوانیی لە دەوڵەتە داگیرکەرەکان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. بە گشتی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی لە سۆنگەی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت و پەرەگرتنی ئایدیۆلۆژیای م. ل لە کوردستان و پراکتیکی زۆربەی حیزب و رێکخراوە مارکسیستییەکان لە کوردستان و لەو دەوڵەتانەی کوردیان پێوە لکێنراوە، تووشی خەسارەتی زۆر هاتووە.

لە پاڵ ئەوەدا داگیرکەرانی کوردستان لە فرە ئایینی و رەنگاورەنیگییەکەی کوردان بە سودی ئاسیمیلەکردن و سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد کەڵکی وەرگرتووە. پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام ، هەمەدان و لۆرستان کە دەبوو ناوەندی بەربەرەکانی کورد دژی سیاسەتی توونا کردنی کورد و کوردستان بن، بە هۆی پچرانی پێوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و نە بوونی رێکخستنی سیاسی کارامە، ئەو بەشەی لە خەباتی سیاسی – نەتەوەیی دوور خستەوە. ئێستا هەلو مەرجەکە گۆڕاوە. سیاسەتی دابەشکردنی کورد لە روی ئایینییەوە بە شیعە و سوننە و ئەهلی هەق و عەلەوی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەماوە.

بە رووخانی دیواری بەرلین لە نوامبری 1989 وتێکڕمانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئۆکتۆبری 1991دا، شەڕی سارد و جیهانی دووجەمسەریی کۆتایی پێهات. خەباتی نەتەوە بندەستەکان بۆ ئازادیی و کیانی نەتەوەیی، تێکۆشان لە پێناو ئازادیی و دیمۆکراسیی و چوونە سەرێی بایەخەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنی، لە هۆکارە ناوخۆییەکانی ئەو گۆڕانکارییە مەزنانە بوون. بە پێچەوانەشەوە، ئەو گۆڕانکارییانە لە سەر پەرەگرتنی ئەو بایەخ و چەمکانە شوێندانەر بوون.

لە سەردەمی شەڕی سارد و جیهانی دووجەمسەرییدا، هێزی دەوڵەت بە پێوەری توانای نیزامیی دەپێورا، فاکتەری نیزامیی ئاراستەی ململانێکانی دیاریی دەکردو هەر دووجەمسەری رۆژاوا و رۆژهەڵات بە پێی پارەسەنگی هێز ناوچەکانی بەر نفوزی خۆیان دابەشکرد . ئەمڕۆ بە کۆتایی هاتنی جیهانی دوو جەمسەریی و شەڕی سارد، دەوری فاکتەری نیزامیی و ئایدۆلۆژی لاواز بووە و توانای ئابووریی گرینگترین رەگەزی هێزی دەوڵەتە و دەسەڵات و جێگەو پێگەی هەر دەوڵەتێک لە سیستەمی نوێی جیهانیدا دیاریی دەکا. بۆیە لە لۆژیکی دەستنیشانکردنی ناوچە ژئۆپۆلتیکی و ژئۆستراتیژییەکان دا گۆڕانکاریی روویداوە و ئەو ناوچانە بە پێی فاکتەری نیزامیی دیاریی ناکرێن و بە پێی توانای ئابووریی و بوونی سەرچاوە سروشتیی دیاری دەکرێن. فاکتەری نیزامیی وەک هێزی پاڵپشتیکردنی ئامانجە ئابوورییەکان بە حیساب دێ. پاش لەبەریەکترازانی یەکێتی سۆڤیەت، پارەسەنگی هێز رووماپەکی لە جیهانی نوێ نەخشاند کە چەند جەمسەرێک لەرقابەت و ململانێ و هاوکارییدا بوون لەگەڵ یەکتر و دووجەمسەریی جێی خۆی دایە چەن جەمسەریی. شەڕی یەکەمی کەنداو گۆڕانی لە تەرازووی هێز پێکهینا و بە چوونە سەرێی هێژموونی سیاسیی ئەمریکا، جیهانی ئێستا وەک سیستەمێکی سیاسیی "یەک – چەند جەمسەریی" دەخوێندرێتەوە. واتە، چەن جەمسەری گەورەی سیاسی – ئابوریی هەن کە ئەمریکا لە نێویاندا باڵا دەستە و زیاترین دەسەڵات و توانای لە ئاراستەکردنی رەوتی رووداوەکاندا هەیە. لەم جیهانەدا، ئەو جەمسەرانە، لە بازنەیەک لە هاوکاریی، رقابەت و ململانێ دا جێیانگرتووە.

ئەم سیستەمە سیاسییە و پێویستیەکانی، جیهانی ئەمڕۆی بە هەموو بەشەکانیەوە تووشی گۆڕان کردوە و چەمکەکانی "سەروەری دولەت" و "سنووری دەوڵەتان"ی تووشی گۆڕان و سەر لە نوێ پێناسە کردنەوە و داڕشتنەوە کردووە. یەکێک لە نیشانە هەرە دیارەکانی لەرزۆکبوونی " سەروەریی رەهای دەولەتان"،لە جیهانی دوای شەری سارد دا، دوکترینی " دەستێوەردانی مرۆڤی" UN یە کە تا ئێستا ژمارەیەک نەتەوەی لە کوشتار و قڕکردنی زیاتر پاراستووە. لە وانە کورد لە باشووری کوردستان،عێراق ، سۆمالی، رواندا، بۆسنیا، کۆسۆڤۆ ، هاییتی و ...هتد. بریاری مێژوویی UN 688 و دانانی "هەرێمی ئاسایش و دژە فرین" لە باشووری کوردستان، نەتەنیا بوو بە هۆی ئەوەی سنووریک بۆ سیاسەتی قڕکردنی دەولەتی داگیرکەری عێراق دژ بە نەتەوەی کورد دابندرێ،بەڵکوو بە هۆی ئەم بریارەوە دەسپێک و وەرچەرخانێکی گەورەش لە ژیان و چارەنووسی بەشێک لە نەتەوە دابەشکراوەکەمان روویدا. کورد توانی بە ئیرادەی خۆی و بە کەڵکوەرگرتن لەو هەل و پرێنسیپە بە کردەوە، دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ. ئیتر لێرەوە پیرۆزیی سنوورەکانیش درزی تێکەوت ژمارەیەک نەتەوەی بندەست یەک بە داوی یەکدا ، تەلبەندی سنوورە دەسکردەکانیان پچراند و دەولەتی خۆیان پێکەوەنا. بە لە بەرچاگرتنی گشت ئەم دیاردانە،دەتوانین بڵێین بە بڕانەوەی شەری سارد و کۆتاییهاتنی جیهانی دووجەمسەریی گەلێک چەمک و بەها و پرێنسیپ ، هەر لەو کاتەدا ،دەرەتان و دەرفەتی نوێ بۆ نەتەوە ژێردەستەکان هەڵکەوتووە کە دەتوانن بە پشتبەستن بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی لە بە ئاکام گەیاندنی سەرکەوتوانەی خەباتەکەیان،کەڵکی لێوەربگرن.

پێ بە پێی لە بار بوونی فاکتەرەنێودەولەتییەکان،لە ئاستی نەتەوەیییشدا،بەشێوەیەکی بێوێنە رەوتی خۆناسینی نەتەوەیی و گرینگیدان بە ناسنامە و خۆجیاکردنەوە لە وی دیی، لە نێو چین و توێژەکانی کورەدوارییدا لە گەشەکردن و بە هێزبووندایە، گرینگی ناسنامەی نەتەوەیی و پرسەکانی پێوەندییدار بەو چەمکە ، هیچکات وەک ئێستا بۆ تاکی کورد گرینگی و بایەخی نەبووە. ئەم رەوتە تایبەت بە شار و ناوچە و مەڵبەندێکی کوردستان نییە، خۆ بە کورد زانیین و گەران بە دوای ناسنامە و سیمبۆل، خۆشەویستی ئالا و ئارەزووی سەروەریی نەتەوەیی ، بە پانتایی جۆغرافیای کوردستان هەموو لایەکی گرتوەتەوە و بوونەتە بەشێک لە هەست و نەست و بیری تاکی کورد. بۆ کەڵک وەرگرتن لەو هەل و دەرفەتانە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد پێویستی بە بەخۆداچوونەوە لە درشم و ئامانج و رێبازی تا ئێستای دایە. شێوەی رێکخستن و ئەدەبیاتی سیاسی و رێگا چارەسەرەکانی سەردەمی شەری سارد،چیدیکە ناتوانن وەلامدەرەوەی ئەم هەلومەرجە نوێیە بن. پێویستە سەردەمی پاشەکشە و خۆ ماتکردنی ناسیۆنالیزمی کورد بە مەبەستی مانەوە و خۆ پاراستن کۆتایی بێ و بزووتنەوەی کورد بە ئاشکرا و بە بێ هیج ترس و لەرزێکی سیاسی لە ستراتیژیی سیاسیی نەتەوەیی خۆی بە روونی بدوێ و سەربەخۆیی و بە دەولەتبوون ببێتە دیسکۆرسی زاڵی سیاسی کورد. وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پێویستی بە گەلالە و پرۆژەی ئیرادەی نەتەوەیی هەیە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرێمێکی ژئۆستراتیژی و ژئۆئێکۆنومی جیهانە و بەو هۆیەوە بایەخێکی گرینگ و ژیاریی هەیە بۆ جیهان و دەوڵەتە زلهێزەکان. هاوکات ناوەندێکی گەرمی قەیرانی سیاسی و شەڕ و بارگرژی نێوان دەوڵەت و لایەنەکان و مەڵبەندی تێکچرژانی بەرژەوەندییە دژ بە یەکەکانە. توند و تیژی و شەڕ و دەستێوەردانی دەرەکیی شێوازی گۆڕانکارییەکان لەم هەرێمەدا بووە. تەرتیبات و ئارایشی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هی شەڕی یەکەمی جهیانییە کە لە سەر بناخەی بەرژەوەندیی وڵاتانی رۆژاوایی بەتایبەت ئینگلیس و فەرانسە بەبێ لە بەرچاوگرتنی ویست و ئیرادە و بەرژەوەندی و مافەکانی نەتەوەی کورد رێکخراوە. ئەو وڵاتانە ژمارەیەک دەوڵەت – نەتەوەی توتالیتێریان دامەزراند کە دواتر بوونە دەولەتی مافیایی و کاری تالان و رادانی سامانی کوردیان بۆ مسۆگەر کردن. ئەمرۆ هاوکێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. ئەگەر تا بڕانەوەی شەری سارد،گۆرانکاری تەنیا ویستی نەتەوە و گەلە بندەستەکانی هەرێمەکە بوو،ئەمرۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و لە ترسیی تێرۆر و لە نێوچوونی ئاسایشی ولاتەکانیان،دەستیان بە گۆرانکاری لە رۆژهەلاتی ناوەراست کردوە. کورد بە گشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی بە بەشداری لەو گۆرانکاریانەدا و هاوپەیمانیی سیاسی لە گەل ئەمریکا قازانجی کردوە. پرسی تێکۆشان دژی تێرۆریزم ئەو پێوەندییە توند و تۆلتر دەکا. بە بێ هەڵتەکاندنی ئەو تەرتیباتە سیاسییە کۆنەی رۆژهەلاتی ناوەراست و ئازادیی نەتەوەی کورد، هیچکام لەو وڵاتانەی کوردستانیان پێوەلکێنراوە هێمنی و ئاسایش بە

خۆیانەوە نابینن و ڕێگای دیمۆکراسی و سەقامگیری لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا ناکرێتەوە و هەموو جیهان باجی بارگرژی و ئالۆزییەکان دەدا.چوونکە کێشەی کورد گرفتی گرووپێکی ئیتنیکی بچووک نییە کە بە زەبر و زەنگ بنەبڕ بکرێ، بەڵکوو پرسی نەتەوەییەکی 40 میلیۆنییە کە بە بێ ڕەزامەندیی خۆی دابەشکراوە.

ئێران یەکێک لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە لە یەکگرێدانی بە زۆری چەند نەتەوە و سەرزەوی لێکجیاواز پێکهاتووە. ڕۆژهەلاتی کوردستان، هەر لە پاش شەری چالدیرانەوە لە بندەستی ئەم دەولەتەدایە و بە داگیرکراوی ماوەتەوە. بێجگە لە کورد 4 نەتەوەی دیکەش بە بێ مافی لە بندەستی ئەم دەولەتەدان. فارسەکان خاوەنی دەولەتی ئیرانن.

ئێرانی ئەمڕۆ وەک دەوڵەت، ئەو قەوارە سیاسیەیە کە ڕەزاخان پاش لادانی ئاخرین شای قاجار، پێکەوەی نا. ڕەزاخان بە لاسایی کردنەوەی نمونەی ئوروپایی" نەتەوە سازیی" و وەک مستەفاکەماڵ ئاتاتورک ، بە پشت بەستن بە ئەرتەش و زەبر و زەنگی بێسنوور، کەوتە پەلاماردانی هەر دەسەڵات و دەیاردەیەکی نەتەوە نەفارسەکان و بەناوی " میللەتی ئێران" ەوە، تێکۆشا وڵاتێکی خاوەن یەک نەتەوە و یەک شوناس و یەک زمان و یەک کلتوور ساز بکا. ڕەزاخان لە ماوەی 20 ساڵ فەرمانڕەواییدا، شۆڤینیزمی فارسی کردە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت، زمان و جل و بەرگ و نەریت و هەموو بۆنە نەتەوەییە نەفارسییەکانی دایە بەر هێرش، قەدەغەی کردن و هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەتی بۆ تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە لە بۆتەی نەتەوەی فارسدا، بەکارهێنا. حەمەڕەزاشای کوڕی هەر ئەو ڕێچکە و ڕێبازەی گرتەبەر و ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ئەمڕۆش بە سیستەمێکی تیۆکراتی و توتالیتێری بە ناوی ئیسلامەوە، هەر پارێزەری ئەو قەوارەیە و شۆڤێنیزمی فارسن.

ئێرانی ئەمڕۆ چ وەک دەوڵەتێکی سادە و چ وەک سیستەمێکی سیاسی تیۆکراتی و توتالیتێر، نە لە ڕوانگەی کوردەوە شەرعییەتی هەبووە، نە لەگەڵ سیستەمی جیهانی دەگونجێ . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ڕێکخستنی تاقم و گروپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان لە وڵاتانی موسوڵمان و عەرەبی و دژایەتی لەگەڵ پڕۆسەی ئاشتیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و دەستێوەردان لە کاروباری عێراق و بە حەولدان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، ئاشتی جیهانیی لە مەترسیی هاویشتووە و بووەتە لەمپەرێکی سەرەکیی لە ڕێی تەبایی و ئاشتی و سەقامگیریی لە ناوچەکەدا.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارچەیەکی کوردستانە کە لە پاش شەڕی چاڵدرانەوە بە پێی ڕێکەوتنی زەهاو خرایە سەر ئیران. سنووری جوغرافیی لە ڕێژگەی ئاوی گوندی "پەهناوەر"ەوە کە دەڕژێتە ئاراسەوە دەسپێدەکا، لەگەڵ ئاراسدا بە تەنیشت چیای ئاراراتەوە بەرەو خوار درێژ دەبێتەوە تا باشوری دەریاچەی ورمێ، لە وێڕا بەرەوە خوارتر دەکێشێ و هەرێمەکانی موکریان و ئەردەڵان دەبڕێ و بەرەو کرماشان و ئیلام دەڕوا و دەگاتە هەرێمەکانی لۆڕ و بەختیاری و تا سەر کەنداو درێژ دەبێتەوە. بێجگە لەوە لە پارێزگاکانی خوراسانی باکووری و خوراسانی ڕەزەویی هەرێمگەلێک هەن کە بوونەتە شوێنی نیشتەجێ بوونی کورد و کوردستانێکی پچووکیان لێ کەوتووەتەوە . لەوانە ئیسفەراین، بجنوورد، شیروان، قووچان، دەرگەز، چناران، باجگیران.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ناوەڕاستی سەدەی 19 بە کردەوە ملی بە بندەستی نەداوە و لە ڕێگەی میرنشینەکانی لۆڕ و ئەردەڵان و موکریان و برادۆستەوە، سەربەخۆیی خۆی پاراستووە. بەڵام سەربەخۆییەکەی پاش رووخانی یەک لە دوای یەکی میرنشینەکان لە دەسداوە و تەوقی کۆیلەتی و بندەستی دەوڵەتی فارسی کەوتووەتە مل. بنەماڵەی پەهلەوەی، بۆ تواندنەوە و ئاسمیلەکردنی کورد، بێجگە لە قەدەغەکردنی جل و بەرگ و زمانی کوردی و پەلامار و سەرکوتی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد، نیشتمانەکەی کەرت کەرت کرد و بە سەر چەند پارێزگادا، دابەشیکردن.

نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، لەگەڵ دابەشکردن و داگیرکردنی نیشتمانەکەیەوە تا ئێستا لە قۆناغی جیاجیا بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ ڕادانی داگیرکەر لە نیشتمان و بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسی خەباتی کردووە. قۆناخی تازەی ئەو خەباتە، لە ڕۆخانی ڕێژیمی پەهلەوی و هاتنە سەرکاری ئاخوندەکانەوە دەستی پێکردووە کە تا ئەمڕۆ بە شێوەی جەماوەریی و پێشمەرگەیی و مەدەنی و تێکەڵاو درێژەی هەیە.

خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتێکی ڕزگاریخوازانەیە و بەشێکە لە تێکۆشانی گشتی نەتەوەی کورد بۆ ڕاماڵینی داگیرکەران و ئازادیی و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی خاک و نەتەوە.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک بەشەکانی دیکەی نەتەوەی کورد کە لە ژیان لەگەڵ نەتەوەکانی تورک و عەرەب لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا، ئەزموونی تفت و تاڵیان هەیە، لە ژیان لەگەڵ نەتەوەی فارس لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، ئەزموونی کارەساتباری هەیە. بۆیە ئەستەمە بەورابردوووەوە، پێکەوە ژیان لە ناو یەک دەوڵەتدا سەرکەوتوو بێ. ژیانی بە ئاشتی و دوور لە توند و تیژیی تەنیا بە دابینکرانی مافی سیاسیی نەتەوەیی یەکسان دەلوێ.

پارتی ئازادیی کوردستان کە تا کۆنگرەی یەکەمی بە ناوی "یەکێتی شۆرسگێرانی کوردستان"ەوە لە خەباتدا بووە، دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان بە نارەوا دەزانێ و بۆ هەڵتەکاندنی ئەو تەرتیباتە سیاسییەی بە سەر کورددا سەپێنراوە و دامەزراندنی دەولەتی نەتەوەیی، لە ساڵی 1991ەوە پێیناوەتە مەیدانی خەباتەوە.

***

## پارتی ئازادیی کوردستان
## پرێنسیپ ، ئامانج و سیاسەتەکانی

پارتی ئازادیی کوردستان، کە لە ساڵی 2691 کوردی(1991) زایینی، تا ئێستا بە ناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە لە خەبات دایە، درێژەدەری تێکۆشانی رابردووی نەتەوەکەمانە بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستان و خۆی بە میراتگری رۆحیی و هەڵگری پەیامی رێبەرانی شەهیدی نەتەوەکەمان دەزانێ. سنووری تێکۆشانی رۆژهەلاتی کوردستانە. رۆژهەڵاتی کوردستان هەموو هەرێمەکانی ورمێ، موکریان، ئەردەلان، کرماشان و ئیلام و هەرێمەکانی لۆر و لەک و بەختیاری دەگرێتەوە و دەگاتە لێوارەکانی کەنداو.

پارتی ئازادیی کوردستان خۆی بە پارێزەری مافی هەموو کوردێک لە هەر کوێیەک بێ دەزانێ و لەم روانگەیەوە هیچ تایبەتمەندییەکی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، زاراوەیی، ئایینی و مەزهەبی، لە نێو کۆمەڵگای کوردییدا، نابێ ببێتە هۆی لێکدابڕانی هیچ تاک و کۆمەڵێکی کوردی لە بنەماڵەی مەزنی کورد. ئەو کوردانەی لە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەوە بەرەو ناوچەکانی دەرەوەی خاکی کوردستان وەک رۆژهەڵاتی پارێزگای خوراسان و هێندێک شوێنی دیکەراگوێزراون، بەشێکی جیانەبووەوە لە نەتەوەی کوردن.

پارتی ئازادیی کوردستان دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان بە نارەوا دەزانێ ، دان بە هیچ رێککەوتننامەیەک کە کورد و کوردستانی پێ دابەش و داگیرکرا بێ نانێ و بۆ هەڵوەشاندنەوە یان لە کارخستنی فەرمی یان عەمەلیی هەموو ئەو رێککەوتننامانەی لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی و دواتر بۆ دابەش و داگیرکردنی کوردستان بەستراون، بە شێوەی سیاسی و قانوونی لە هەموو ئاستەکاندا،تێدەکۆشێ، چوونکە دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستان بە بڕیار و ئیرادەی کورد خۆی نەبووە و بە زەبر و زەنگ بە سەریدا سەپێنراوە. داسەپاندنی ئەو ئیرادەیە لە رابردوودا، بە مانای رەوا بوون و قانوونی بوونی نییە. وەچەی نوێی کورد تەنیا لە سەر ئیرادەی ئەمڕۆی خۆی رادەوەستێ و چارەنووسی خۆی بۆ چۆن ژیان و هەڵبژاردنی سیستەمی حقوقی سیاسیی و جۆری پێوەندیی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی، خۆی دیاریی دەکا.

پارتی ئازادیی کوردستان، رێکەوتننامەی سێڤەر و دەسەڵاتدارێتی چەندین ساڵەی سمکۆ و حوکمڕانی شێخ مەحمود و کۆماری کوردستان، لەگەڵ خەباتی مۆدێرن و هاوچەرخی کورد و حکومەتی باشوری کوردستان بە ئورگانەکانی بەرجەستەکردنی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی کورد و ناسنامەی سەربەخۆی نەتەوەیی و مافی رەوای بۆ گەیشن بە دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوەیی دادەنێ.

پارتی ئازادیی کوردستان راماڵینی سەر لەبەری هێز و دامودەزگای دەولەتی داگیرکەری ئیران لە کوردستان و وەدیهێنانی سەرەوەریی نەتەوەیی و راگەیاندنی کۆماری کوردستان و داگرتنی ئاڵای داگیرکەر و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە هەموو خاکی رۆژهەلاتی کوردستان بە ئەرکی سەرەکی و لە پێشی خۆی دادەنێ. خاشەبرکردن و

سرینەوەی هەموو شوێنەوار و ئاسەوارەکانی شێواندنی ناسنامە و کولتور و کەسایەتی تاکی کورد، لە ئەرکە بە پەلەکانی کۆماری کوردستانە. هەر ڕێگایەکی دیکەی وەک سیستەمی فیدرالی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، تەنیا دەتوانێ کاتی ، بۆ قۆناخێک و لە بەر پارسەنگی هێز ڕەچاو بکرێ.

پارتی ئازادیی کوردستان بۆ ڕامالینی داگیرکەران و ڕزگارکردنی کوردستان و دامەزراندن و پاراستنی کۆماری کوردستان، کەڵک وەرگرتن لە هەر کەرەسە و تێکنیکێکی ئەم سەردەمە بۆ بەچۆکداهێنانی دوژمنانی کورد و بەرگریی لە کورد و کوردستان بە مەرجێ بەدەر لە تیرۆر و ڕەشەکوژی بێ، بەرەوا دادەنێ،لە هەموو شیوەکانی خەبات و یەک لەوان خەباتی چەکدارانە و شەری ئازادیبەخشی وڵات و بە دەولەتبوونی کورد،کەڵک وەردەگرێ.

پێشمەرگە هێزی بەرنگاریی هێرشکەران و ڕادانی داگیرکەر و پاراستنی کۆماری کوردستانە. پارتی ئازادیی کودستان، بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەر فەرمانی فەرماندەییەکدا ، تێدەکۆشێ و لە بارودۆخی لەبار دا بۆ گەشەپێدانی بە هێزێکی نیزامی مۆدێرن و ڕێکوپێک و بە دیسیپلین، حەول دەدا.

پارتی ئازادیی کوردستان دژی لەتکردنی نەتەوەی کورد بە چین و توێژ و ڕەگەزی دوژمن و دژ بەری یەکترن، کە خەبات و تێکۆشانی ئازادیی و سەربەخۆیی بەلاڕێدا دەبا. PAK بۆسڕینەوەی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوەی مرۆڤ وهەڵگرتنی هەڵاواردنی ڕەگەزیی و دابینکردنی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و تەبایی و ئاشتی و یەکێتی و عەداڵەت و مرۆڤ سالاریی لە کوردستان تێدەکۆشێ. PAK شەری براکوژی لە نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەدا بە هەر بیانوویەکەوە بە حرام دەزانێ و بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی تێدەکۆشێ. بەرەی کوردستانی پێشمەرجێکی گرینگی کەلک وەرگرتن لە دەرفەتەکان و سەرکەوتنی خەباتی ئازادیبەخشی کوردستانە.

پارتی ئازادیی کوردستان، بە چاوێکی ئازاد و بێلایەنانە دەڕوانێتە بنەما ئابوورییەکانی کۆمەڵگا ، لە سەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پێدادەگرێ و کەڵک وەرگرتنی دروست لە کانگاکان و سامانی ژێرزەوی کوردستان و دانانی ژێرخانی ئابووریی و پیشەسازیی و پڕۆژەی بەرهەمێهین و میکانیزەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەلداری و دابەشکردنی عادلانەی سەروەتی نەتەوەیی بەرێگاکانی بەرقەرایی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خاشەبڕکردنی هەژاریی و نەداریی ودابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ هاووڵاتیانی کورد دەزانێ . PAK لە سەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێ ئابووری کورد لە سەر بنەمای دادگەریی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندی ناوچەیی بێ. سیستەمی کۆ کردنەوەی ئابووریی لە ناوەند ڕەت دەکاتەوەو لاگیریی لە سیستەمێکی ئابووری دەکا کەلە سەر تایبەتمەندیی ناوچەکان و بەپێی کەرەسەی خاوێ کە لە کانگاکاندا هەیە، کارخانە و بنکە پیشەییەکان دابمەزرێ. سیستەمی ئابووری کوردستان دەبێ لە خزمەت پاراستنی بەرژەوەندیی کورددا بێ. لەلایەکەوە بەشێک بێ لە سیستەمی جیهانی کە نەزمی نوێ دابەشی دەکا و لە لایەکی دیکەوە تایبەتمەندی خۆشی هەبێ بۆ گەشەکردن لەو بوارانەدا کە لە ناوچەکەدا ڕکەبەری لەگەڵ ناکرێ.

کۆماری کوردستان بەرپرسی دابینکردنی بژێوی هەر دانیشتوویەکی کوردستانە کە لە هەلومەرجی بێکاری ، بێداهاتی یان کەمئەندامی و پەککەوتەیی بێ. هەموو کەس دەبێ لە بیمەی دەرمانی و بیمەی پیری و پەککەوتەیی و کەمئەندامی کەڵک وەربگرێ. هیچ کەس نابێ لە برسان بمرێ و بێ ئەنواو شوێنی حەسانەوە بێ. هەبوونی کان و سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان و داهاتی نەفت و سیستەمێکی ماڵیاتی گونجاو ئەو دەرەتانە بۆ کۆماری کوردستان پێکدێنێ کە بودجەی تایبەتی بۆ هەژاران و بێدەرامەتان تەرخان بکا. دابینکردنی لانی کەمی بژێوی ژیان بۆ نەداران دەبێتە هۆی جێگیر بوون و مانەوەی خەڵک لە گوندەکان و پێش بە ڕەوی بە کۆمەڵی خەڵک و گوشارهێنان بۆ شارەکان و زیاد بوونی فەساد و گەندەڵکاری لە کۆمەڵگادا دەگرێ.

پارتی ئازادیی کوردستان لە کۆماری کوردستاندا لە ڕێگای دامەزراندنی سیستەمێکی پارلمانی، پلۆرالیستی و فرەحیزبی پشت ئەستوور بە حکومەتی قانوون و قانوونی بنەڕەتی نووسراو و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر

و سیستەمی قەزایی سەربەخۆ، بۆ دیمۆکراتیزەکردنی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی تێدەکۆشێ. هەروەها لە ڕێی بەهێزکردنی گیانی هاوکاری و تەساموح و لێبوردن لە نێوان چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکان، پێڕەوانی ئایین و مەزهەبە جۆراوجۆرەکان، ژن و پیاو، گوندنشین و شارستانی، لاو و بەساڵاچوو، ساخ و پەککەوتە، خاوەن مۆڵک و کرێچی، قوتابی و مامۆستا، شاگرد و وەستاکار، هەروەها بە پاڵپشتیکردنی njo کان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ دیمۆکراتیزەکردنی کۆمەڵگە تێدەکۆشێ.

پارتی ئازادیی کوردستان، بە خەبات بۆ دابینکردن و دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ، مافی هاووڵاتی بوون و مافی دەنگدانی ئازاد، نهێنی و گشتی و ئازادییەکانی: دین و مەزەب، خاوەنداریێتی، ئەندێشە و باوەڕ دەربڕین، پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجومەنی پیشەیی و سیاسی و پێوەندیی و تێکەڵاویی، سەفەر و نیشتەجێ بوون و ئازادی چاپەمەنیی، بۆ چەسپاندنی سەروەریی و دەسەڵاتداریێتی خەڵک تێدەکۆشێ.

پارتی ئازادیی کوردستان ڕێز لە ئایینە ئاسمانییەکان دەگرێ، دەستەبەرکردنی ئازادی و دابینکردنی ئاسانکاریی بۆ پەیرەوانیان لە بەجێهێنانی ئەرک و ڕێورەسمەکانیان و هەروەها پاراستنیان لە بەکارهێنانی ئامرازیی دەستە و تاقمە نامۆکان، بە ئەرکی حکومەتی کوردستان دەزانێ.PAK تێدەکۆشێ ناسیۆنالیزمی کورد ببێتە ئاڵقەی قایمی یەکێتی گشت ڕۆڵەکانی کوردستان بە هەموو ئایین و مەزهەب و تریقەتێکەوە.

پارتی ئازادیی کوردستان تاک بە بنەما و خێزان بە شیرازەی کۆمەڵگە دەزانێ و مەرجی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵ لە گەشەی تاک و خێزانی ساخ و سڵامەتدا دەبینێ. بۆیە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک و دەرفەت دان بە پشکووتنی بەهرەکانی و ڕێکردنەوە بۆ داهێنانەکانی لە هەموو بوارەکاندا و مافی پێکەوەنانی خێزان وئاسانکاری بۆی و دابینکردنی پێداویستیەکانی گەشە و سڵامەتیان، خەبات دەکا.

لە کۆماری کوردستاندا مافی خوێندن هەمووانییە و هەموو کەس لە هەر پلەیەک و لە هەر تەمەنێکدا دەبێ بخوێنێ. پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد و پاراستنی سڵامەتی لەش و فیکری هەموو دانیشتوانی کوردستان لە ریزی پێشەوەی ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستانە. خوێندن و وەرزش و ڕاهێنان لە هەموو بوارەکانی سەرەتایی و مام ناوەندی و زانستگەکان بەلەبەرچاوگەرتنی ویست و هۆگریی خوێندکار و بەرنامەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای کورد و بە کەڵکوەگرتن لە تێکنۆلۆژی سەردەم ڕێکدەخرێ. پەروەردەکردنی منداڵ بە شیوەیەکی باش و سەردەمیانە لە بەرنامەی کاری حکومەتی کوردستانە.

زمانی کوردی زمانی ڕەسمی دەوڵەتی کوردستانە. زمان ئەلەمێنتێکی گرینگی شوناسی نەتەوییە و بژارکردن و گەشە پێدانی تا ئاستی دروستبوونی زمانێکی ستاندارد و یەکگرتوو بابەتێکی ژیاری و گرینگە. پەرە پێدانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری نەتەوەیی لە ڕێی رمێندان بە هونەرەکانی شانۆ و سینەماو موسیقی و گۆرانی و هەڵپەڕکێ و خۆشنووسی و پەیکەرتاشی و شێوەکاریی ئەو ئەرکە فەرهەنگی و کولتووریانەیە کە پارتی ئازادیی کوردستان بایەخیان پێدەدا و لە ریزی ئەرکە گرینگەکانی کۆماری کوردستانی دادەنێ.

پارتی ئازادیی کوردستان لە کۆماری کوردستان دا لەسەر دابینکردن و چەسپاندنی ماف و ئازادییەکانی هەموو دانیشتوان و نەتەوە نەکوردەکان و کەمایەتییە ئایینی و مەزهەبیەکانی نیشتەجێ لە کوردستان پێدادەگرێ و بۆ پتەوکردنی پێوندی هاونیشتمانی لە نێوان کورد و ئەواندا تێدەکۆشێ. شار و گوندەکانی کوردستان کە خەڵکی نەکوردیشی تێدا نیشتەجێن، بە شێوەی کانتونەکانی سویس، بەڕێوە بردنیان لە سەر بناخەی دیاریکردنی ڕێژەی زۆرایەتی نفوس دەبێ.

پارتی ئازادیی کوردستان پاراستنی خاک و ژینگە و پاراستن و ڕاگرتن و پەرە پێدانی دارستان ولێرەوارەکان و سامان و سەرچاوە ئاوی و ژێرزەوییەکان کە سامانی میللیی کوردن بۆ نەوەکانی دواڕۆژ و درستکردنی نیشتمانێکی

سـەوز و پـەروەردە و  پـەرەپێـدانی رۆشـنبیریی ژینگـە پـارێزیی و پاراسـتنی شـوێنەوارەکـان و ئاسـارە کـۆن و مێژووییەکانی کورد  و حەولدان بۆ گەڕاندنەوەی بەشە دزراوەکانی بە ئەرکی خۆی دەزانێ.

پاراستنی پاقژی و بنـەبڕکردنـی نـەخۆشییە مـەترسیدارەکـان و قـەلاچـۆکردنی مـادەسڕکـەرەکـان و ئاشناکردنی رۆڵەکانی کورد لـەگەڵ پێشکەوتنەکانی زانست  بۆ سلامەتی و  ژیانیکی پاقژ و کۆنترۆڵی خوراک و پاراستنی مرۆڤ لە بەکارهێنانی هۆرمۆنی قەڵەوکردنی حەیوان و پەلـەوەر و  داوودەرمـانی کیمیـاوی بـۆ لـە نێوبردنی پـەتـای گیـاو دەغڵ و دان و کونترۆڵی رێژەی نفوس بەپێی بەرنامەیەکی زانستی و بەلەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ، ئەرکی حکومەتی کوردستانە.

لە روانگەی پارتی ئازادیی کوردستانەوە، پرسی نـەتـەوەیـی کـورد، پرسێکی نێودەوڵـەتییـە. هـەر بۆیـە فاکتـەری نێودەوڵەتی کاریگەرترین شوێنەواری لە سەر چارەنووسی کوردستان هەیە. لـەم رووەوە پـارتی ئـازادیی کوردستان پێوەندییەکانی دەرەوەی بە لە بەرچاوگرتنی ئەم راستییە و بە پێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی رێکدەخا .PAK لـەم قۆناخـەدا، بۆ کەڵک وەرگرتن لە پرێنسیپی" دەستێوەردانی مرۆڤی" و دانانی هـەمـوو خـاکی رۆژهـەلاتـی کوردستان بە" هەرێمی دژەفرین"، تێدەکۆشێ. بە کار هێنانی پرێنسیپی دەستێوەردانی مرۆڤی و دانانی هەرێمی دژە فرین،لە سالی 1991ەوە ژمارەیەک نەتەوە، یەک لەوان کوردی لە باشوری کوردستان لە دەسدرێژیی و بەردەوامیی کوشتار و قرکردن پاراست و دەرفەتی سیاسی لە باری بۆ کردنەوە.

پـارتی ئـازادیی کوردسـتان، بـۆ پێکهێنـانی نوینـەرایـەتییـەکـی کوردسـتانی هـەمـوو پارچـەکـانی کوردسـتان بـۆ دەربرینی دەنگ و ئیرادەی یەکگرتووی کورد لەئاستی نێونەتەوییدا تێدەکۆشێ. نوێنەرایـەتییـەکـی ئـەوتـۆ دەتـوانێ داوای  ئەندامەتی لە ریکخراوە نێودەولەتییەکان و یەک لەوان ئەندامەتی رێکخـراوی نـەتـەوە یـەکگرتـوەکـان بکـا. نوێنەرایەتیەکی ئەوتۆ پێکهاتە و سترۆکتوری سەربەخۆ لە کـار و بـاری حیزبایـەتـی دەوێ. هاوکـات بـۆ  پێکهێنـانی کـۆنگرەیـەکـی نـەتـەویـی و نیشتمانی  هـەمـوو پارچـەکـانی کوردسـتان بـۆ یـەکخـستنی گوتـاری نـەتـەویی کـورد و رێکخستنی پێوەندیی نێوان بزاڤی پارچەکانی کوردستان تێدەکۆشێ.

پـارتی ئـازادیی کوردسـتان لـە خـەبـاتی نـەتـەوە بنـدەسـتەکـانی ئێـران بـۆ دیـاریکردنی مـافی چـارەنـووس و دامەزراندنی دەوڵـەتی نـەتـەوەیـی خۆیـان پشتیوانی دەکا،لـە قۆنـاخـی ئێـستادا بـۆ بـە هێزکردنـی هاوکـاریی، و لـە داهاتوودا بۆ رەچاوکردنی بنەماکانی دراوسێتی لـەسـەر بنـەمـای رێزی بـەرانبـەر،دەستیوەرنـەدان لـە کـار و بـاری یەکتر و بەرژەوەندیی هابەش تێدەکۆشێ.